## بێری شەلماشی:

# بە هەموو شێوەیەک کۆلێژی هونەر فەرامۆش کراوە

خانمە دەرهێنەری رۆژهەڵاتی کوردستان بێری شەلماشی، لە فەرەنسا لە دایکبووە، کاتێک تەمەنی تەنیا یەک مانگ بووە، لەگەڵ دایک و باوکی گەڕاونەتەوە بۆ خەباتی شاخ و دوو ساڵ لە شاخ ژیاوە، پاش دوو ساڵ لەگەڵ باوک و دایکی گەڕاونەتەوە بۆ هۆڵەندا و لە غەریبیدا گەورە بووە، دواتر بێری حەز و خولیای هونەری حەوتەم لە هزریدا چەکەرەی کردووە و بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە کۆلیژی سینەمای ئەمستردام ماستەری وەرگرتووە، هەر دوای وەرگرتنی ماستەر گەڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان و لە زانکۆی سەلاحەدین بووەتە مامۆستای بەشی سینەما.



*** لە فیلمی (هاوارێك) دەتەوێ چی بە کۆمەڵگە بڵێی؟**

- فیلمی (هاوارێك لەسەر بانەکانەوە)، چیرۆکی کچێك دەگێڕێتەوە بەناوی شیرین، کە دەچێتە بەرەکانی جەنگ و خەبات دەکات، فەرهادیش بەردەوام لە سەربانی ماڵەکەیان چاوەڕێی گەڕانەوەی دەکات، ڕۆڵی فەرهاد (ئیسماعیل زاگرۆس) کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا بەرجەستەی دەکات و کارەکتەری شیرینیش (گۆنجا کاراسو) ئەکتەری ناسراوی تورك ڕۆڵەکەی دەگێڕێت. شیرین و فەرهاد، چیرۆکی ئەڤینداریی نێوان کوڕ و کچێکی کوردە، کە بۆ بەیەکگەیشتن قوربانی بەهەموو شتێك دەدەن، بەڵام لەم فیلمەدا شیرین ئەمجارە قوربانی بە عەشق و خۆشەویستی دەدات بۆ ڕزگارکردنی خاك و نیشتیمان.

*** کاتێك ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵەکان نمایش کرا، دەنگدانەوەی چۆن بوو؟**

- ئەم فیلمە لە فێستیڤاڵی شاریقەی ئیمارات بەشداریی کردووە و کێبڕکێی وەرگرتنی خەڵاتیش دەکات، ئەو کەسانەی ئەم فیلمەیان بینیوە زۆر پێی سەرسام بوون. هەر تەنیا چیرۆك و ئازایەتی ژنی کورد نەبووەتە جێگای سەرەنجی سینەماکاران، بەڵکو کوچەو کۆڵان کۆنەکانی هەولێر بۆ وێنەگرتنی فیلمی سینەمای باشترین و جوانترین شوێنن، دەخوازم ئەم گەڕەکانە وەك خۆیان بمێنن و پارێزگارییان لێ بکرێت.

*** بۆچی هەولێرت بۆ وێنەگرتنی ئەم فیلمە دەستنیشان کرد؟**

- من دەمێکە عاشقی هەولێر و قەڵای دێرینی هەولێرم، حەزم کرد هەولێر وەکو سیمبولی خۆڕاگری و قوربانیدان لە فیلمەکەم وێنا بکەم، لەلایەکی دیکەوە سیناریۆی فیلمەکە باس لە ٢٥ ساڵ پێش ئێستا دەکات، گەڕەکی عارەبان و دەوروبەری زۆر گونجاو بوون بۆ وێناکردنی ئەو سەردەمە.

*** بۆچی ناوی شیرین و فەرهادت لە فیلمەکە بەکارهێناوە؟**

- دەمویست ئەم داستانە مەزنە بە فۆرمێکی نوێ زیندوو بکەمەوە، هەمیشە لە داستانەکان پیاوەکان زاڵ بوون و کچەکان چاوەڕێی کوڕەکان بوون، بەڵام من حەزم کرد، ئەم داستانە بە دیدێکی ئافرەتانەوە بنووسمەوە، ئافرەتێك خۆی پاڵەوانی داستانەکە بێت، بۆ هەڵبژاردنی ناوی شیرین و فەرهادیش بۆ ئەکتەرەکان، وام بەباش زانی سیمبولێکی کوردی لە جیاتی ناوێکی بیانی دەستنیشان بکەم.

*** پڕۆژەی نوێی یێری لە بواری سینەما چییە؟**

- نوێترین پڕۆژەی من فیلمێکی نوێیە بەناوی (گەورە دێ)، کە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە، من و باوك و دایکم بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو گەورە دێیە ژیاوین، لەگەڵ ئەو پێشمەرگانەش قسەمان کردووە کە لەو کاتە لەوێ ژیاون، بۆیە پێموایە فیلمێکی جوان دەبێت.

*** بۆچی کچە ئەکتەرێکی تورکت بۆ ڕۆڵی شیرین هەڵبژاردووە؟**

- هەڵبەتە من پێموایە کچە ئەکتەری زۆر باشمان لەکوردستان هەیە، بەڵام ئەو کچە تورکە ئەکتەرێکی زۆر لێهاتووە و زۆر لەگەڵ کارەکتەری شیرین دەگونجا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کچە لە هۆڵەندا دەژیا، زۆرتر کاتمان هەبوو ڕاهێنان لەسەر ئەم کارەکتەرە بکەین، دواتر من توانیم لە ڕێگەی ئەم فیلمەوە ئەم ئەکتەرە تورکە ئاشنای کێشەی نەتەوەکەم بکەم و بێتە هەولێر و تێکەڵی کولتووری کوردی بێت و خۆی فێری زمانی کوردی بکات، ئەمەش کارێکی باشە.

*** بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کۆلیژی هونەر لە زانکۆی سەلاحەدین مامۆستا بوویت، بۆچی جێتهێشت؟**

- دیارە ئەم کۆلێژەی من تێدا مامۆستا بووم، بەو سیستەمە جیهانییە نەبوو کە لە هەموو جیهان پەیڕەو دەکرێت، هێشتا لە گرنگیی سینەما تێنەگەیشتووین، ئێستاش کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە لەم زانکۆیە بەسەرم بردووە، هەست بە ئازار و ناڕەحەتی دەکەم، بە هەموو شێوەیەك کۆلیژی هونەر فەرامۆش کراوە.















## دادگایەکی میسری بڕیارێ

دوای ئەوەی خانمە ئەکتەر و گۆرانیبێژی لوبنانی هەیفا وەهبی سکاڵایەکی بۆ دادگا بەرزکردبۆوە دژی کۆمپانیا (زیجیت میدیا) کە خاوەنەکەی بەرهەمهێنەری ناسراوی میسری عاتف کاملە و بە خۆدزینەوە لە پێدانی مافەکانی تۆمەتباری کردبوو، دادگایەکی میسری بڕیارێکی لە بەرژەوەندیی هەیفا وەهبی دەرکرد.

هەیفا پێشتر لەگەڵ کۆمپانیای ناوبراو گرێبەستێکی بۆ بینینی ڕۆڵی پاڵەوان لە زنجیرە درامای (مریم) لە ڕەمەزانی ساڵی ٢٠١٥ هەبوو،



## دوای جیابوونەوەی کۆشکێکی گرانبەهای کڕی

ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی خانمە ئەکتەری ناسراو( جنیڤەر گارنەر) و ئەکتەر و نووسەری ناسراوی ئەمریکی (بین ئافلیک) جیابوونەوە، جنیڤەر کۆشکێکی گەورەی بە بڕی (٧,٩) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە ناوچەی برنتۆردی بەناوبانگ لە لۆس ئەنجلوس لە نزیک قوتابخانەی منداڵەکانی کڕی. ڕووبەری ئەم کۆشکە ٣٢٤٥ مەتری چوارگۆشەیە و پێکدێت لە چوار ژووری خەوتن و سێ دەستشۆر کە لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا دروست کراوە و چەندین تایبەتمەندی ناوازەی هەیە، هەروەها



## ـــــــكی لە بەرژەوەندیی هەیفا وەهبی دەركرد

بەڵام بە وتەی خۆی تەواوی مافەكانی خۆی لەو زنجیرەیە وەرنەگرتووە، ئەمەش وایكرد كە لە دادگا داوای مافەكانی بكات، بۆ ئەم مەبەستە هەیفا كارە یاساییەكانی بەدواداچوونی ئەم كەیسەی بە راوێژكاری یاسایی (جەمیل سەعید ئەلموحامی) سپارد، كە یەكێكە لە پارێزەرە هەرە بەناوبانگەكانی میسر.

دواتریش دادگا بڕیارێكی دەركرد و كۆمپانیاكەی ناچار كرد كە بڕی زیاتر لە یەك ملیۆن نیو دۆلار بە هەیفا بدات، ئەم جگە لەوەی لە رۆژی دەرچوونی حوكمەكەوە بڕی (٪٥) سوودی دێتە سەر.

## ریما خان: ویستیان بمكوژن

خانمە ئەكتەری بۆلیۆد كە بە رەچەڵەك پاكستانییە (ریما خان) لە دیمانەیەكی رۆژنامەوانیدا چەند نهێنییەكی دەربارەی ژیانی خۆی دركاند، كە مایەی شۆك بوون بۆ دۆست و هەوادارانی و ئەكتەرانی دیكەی هۆلیۆد. لە میانەی دیمانەكەدا ریما ئاماژەی بە هەوڵی كوشتنی كرد و وتی: «یەكێك لە خانمە ئەكتەرەكانی هاوڕێم ژەهری لە خواردنەكەم كردو، ویستی بمكوژێت، بۆ ئەم مەبەستەش بڕی یەك ملیۆن روپیەی هیندی وەك پاداشت بە كەسێك دابوو، بۆ ئەوەی كارەكە ئەنجام بدات، ئەوكەسەش كەویستی بمكوژێت كەسێكی ناسراوەو ماوەیەك دوای كارەكە خەڵاتی یەكەمی لە پێشبڕكێیەكدا بەدەستهێنا، منیش سەرەڕای ئەوەی كە بەڵگەی تەواوم لەسەر كارەكەش هەبوو، بەڵام ئەم هەواڵەم بە پۆلیس رانەگەیاند».

لە بەشێكی دیكەی دیمانەكەدا ریما خان وتی: «لە بواری فیلمدا ئافرەتان تووشی گێچەڵی زۆر دەبنەوە، بەڵام مەرج نییە هەموو كارێك باس بكەن و بیدركێنن، تەنانەت خودی ئەو كەسەی كە هەوڵی كوشتنی منی داوە خۆیشی دووچاری گێچەڵی زۆر بووەوە، رەنگە ئەمەش سزای هەوڵە قێزەوەنەكەی بێت بەرامبەر بە من ئەنجامی دا، تەنانەت هەوڵی كاتێك تەقەیان لە ماڵەكەم كرد تیرۆركردنیشم درا»، ریما باسی لەوەش كرد: «لە زۆر پڕۆژە هونەرییەكان دوورخراومەتەوە و هەوڵ دراوە كە تووشی گرفتم بكەن و لە رووی یاساییەوە ئاستەنگم بۆ درووست بكەن، ئەمە جگە لەوەی كە ژمارەی گۆرانییەكانیشیان كەم كردوومەتەوە و نیشانی نادەن»، هەموو ئەمانەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە كە كەسانێك دەیانەوێ رێگا لە سەركەوتنەكانی بگرن.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم دیمانەیە حەسەن تشۆهانی وەزیری راگەیاندنی هەرێمی بەنو فیاز رایگەیاند: «پێویستە ریما خان ئەو كەسە دیاری بكات كە گرفتی بۆ درووستكردووە، بۆ ئەوەی رێوشوێنی یاسایی بەرامبەری بگرینە بەر.

سیستمی ئاسایشی كۆشكەكە زۆر پێشكەوتووە و نوێترین تەكنۆلۆژیای تێدا بەكارهێنراوە. بەر لە تەواو بوونی كاری جیابوونەوەیان جنیڤەر و بن ئافلیك خانوویەكی گەورەیان هەبوو، كە بە بڕی (٣١) ملیۆن دۆلار فرۆشتیان و لەنێوان خۆیاندا دابەشیان كرد.

دوای دە ساڵ لە ژیانی هاوسەرێتی لە ساڵی ٢٠١٥ بن ئافلیك و گارنەر جیابوونەوە و هەردووكیان داوای جیابوونەوەیان پێشكەش بە دادگا كردو لە ساڵی ٢٠١٨ تەڵاقیان وەرگرت، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتوونەتە هیچ رێكەوتنێك سەبارەت بە چارەنووسی منداڵەكانیان.



ئەژین بێلاف:

# هونەر، خۆشەویستییە، ژیانە و خاڵیکردنەوەی ئازارەکانی رۆحی مرۆڤە

ئەژین ئەبووبەکر سارمەمی کە بە (ئەژین بێلاف) ناسراوە، لە نێو هونەر و دنیای شیعردا رۆڵی هەیە و ئەکتەرێکی بەرچاوی شانۆ و سینەمایە، لە بواری شیعر نووسینەوە دەستی پێکردو حەز و خولیاکانی خۆشی لە نێو هونەردا بینییەوە، تەنانەت خەونی زۆری هەیە بۆ گەشەسەندنی هونەری سینەما و شانۆ، ئەکتەرێکی سەرەکیی شانۆگەریی (ئافرەت لە دۆزەخدا) بووەو سەرنجی هەموو لایەکی بۆ تواناکانی خۆی راکێشا.

### دەربارەی رۆڵی لە شانۆگەریی (ئافرەت لە دۆزەخدا) دەڵێ:

مامۆستا (هیوا سوعاد)، هەمیشە بە دوای توانا شاراوەکان و هێنانە پێشەوەی ئافرەت بۆ نێو شانۆدا دەگەڕێت، بۆ ئەو شانۆگەرییە کە چەند رۆژێکی کەمی مابوو، من بۆ ئەو رۆڵە پێشنیارکرام، منیش بە خۆشحاڵییەوە رەزامەندیی خۆمم دەربڕی و لەگەڵ ئەو دەرهێنەرەدا چەند رۆژێك لە مەشقدا بووم، بۆ ئەوەی بتوانم جوانترین بەرهەم پێشکەش بکەم، هەرچەندە لە سەرەتادا ترسم هەبوو، دەمویست کە رۆڵەکەم لاوازیی پێوە دیار نەبێ، چونکە بە راستی شانۆگەرییەکە جەماوەرێکی بەرچاوی هەبوو، لەو نێوەندەشدا کاری ئەکتەر زیاتر سەخت دەبێ، هەر بۆیە دەبێ زۆر بە ژیرانە بچێتە نێو رۆڵەکە و بە تەواوی کەسایەتیی ئەو کەسە بەرجەستە بکات، کە بۆی دیاریکراوە، سوپاس بۆ خوا کە منیش توانیم بە باشی بچمە نێو قووڵایی بەرهەمەکە و وەك یەکێك لە کارەکتەرە دیارەکانی نێو شانۆگەرییەکە ببمە جێی سەرنجی بینەری شانۆگەرییەکە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا ترست لە شانۆدا نەبوو؟ دەڵێ:

بڕوای تەواوم بە خۆم هەیە، بۆیە هیچ ترسێکم لە کامێرا و رووبەڕووبوونەوەی خەڵکدا نییە، بەڵام ئەوەی کە ترسی لە دڵمدا دروست کردبوو، ئەوە بوو کە لە کاتی شانۆگەرییەکەدا کە ماوەکەی سێ رۆژ بوو، دەمویست بە هۆی منەوە بۆشاییەك دروست نەبێ و لە رۆڵەکەمدا لاوازییەکم پێوە دیار نەبێت، ئەمەش بۆ خۆم نا، وەك ئەکتەر، بەڵکو بۆ کرچوکاڵ نەبوونی بەرهەمە شانۆییەکەی (ئافرەت لە دۆزەخ)دا بوو.

### سەبارەت بە گرنگیی هونەریش لە ژیانی خۆیدا ئەژین دەڵێ:

هونەر، خۆشەویستییە، ژیانە و خاڵیکردنەوەی ئازارەکانی رۆحی مرۆڤە، بەبێ هونەریش ئەستمە هەنگاو بۆ پێشکەوتن بنێین، خۆشییەکانی خۆشم بە تەواوی لە نێو هونەردا دەبینمەوە. دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە بەر لەوەی ببم بە هونەرمەندێکی شانۆکار، یان فیلمساز، هەمیشە سەرگەرمی نووسینی شیعر بووم، بەردەوامیش بەدوای دەقی جوان دا دەگەڕێم و لە رووی زمانەوانییشەوە سوودی لێدەبینم.

### ئەژین تیشك دەخاتە سەر هۆکاری سەرکەوتنی لەو رۆڵەدا و دەڵێ:

بەتەواوەتی چووبوومە نێو قووڵایی بابەتەکانەوە، ئازار و ئەشکەنجەی ئەو ئافرەتانەش فرمێسکی گەرمی پێ رشتم، چونکە زۆر بە وردی لەوە تێگەیشتم کە ئافرەتی کورد چەندە بە ئازارەوە قۆناغەکانی ژیانی تێپەڕاندووە. نهێنیی سەرکەوتنیشم بۆ بڕوا و متمانە بە خۆبوونم دەگەڕێتەوە، چونکە بەوجۆرە دەتوانم بگەم بە خاڵی سەرکەوتن و هەموو ئامانجەکانیشم بپێکم و بگەم بە هەموو ئەو خەونانەی کە بە خەیاڵمدا گوزەر دەکەن.

### ئەژین بەمجۆرە باس لە گرنگیی روخسار لە نێو شانۆ و سینەمادا دەکات:

ئەوە بۆچوونە هەڵەیە، کە دەگوترێت جوانی بووەتە بەشێك لە وەرگرتنی شانۆکار یاخوود سینەماکار بۆ بەرهەمەکان، نموونەشم بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە، کە مامۆستا (هیوا سوعاد)، هەمیشە پێم دەڵێت: شپرزەییەکەت لەوە جوانترە کە بە ماکیاژ دەرکەویت و روخساری خۆت بە جۆرێکی دیکە نیشان بدەی.

سەبارەت بە رێژەی ئافرەت لە کاری شانۆییدا ئەژین دەڵێ:

بەداخەوە، کە پێی دەنێیتە نێو هەر شانۆگەرییەك یان هەر کارێکی هونەری، بە زوویی هەست بە نەبوونی ئافرەت و رێژەی کەمیی بەشداربوونی ئافرەت دەکەین، ئەمەش جێگەی داخە، ئەگەر بمانەوێ رۆڵی ئافرەت لە کارەکاندا دەربخەین، نەك تەنیا هونەر بەڵکو دەبێ بەشدارییمان لە هەموو پرسەکاندا هەبێت.

ئەوەی جێی سەرنجی من بوو، لە میانی پێشکەش کردنی شانۆگەرییەکەدا، چەند ئافرەتێك ئامادەی بینینی ئەو شانۆگەرییە بوون، کە ئەوانیش هەر خۆیان هونەرمەندی شانۆ بوون!.

شەرمنی یەکێکە لە خاسیەتە جوانەکانی ئافرەت، بەڵام بەرێژەیەك، کە نەبێتە هۆکارێك بۆ لەدەستدانی خواستەکان، چونکە هەندێ جار پێویستمان بەوە هەیە، ئەو شەرمە بشکێنین بۆ بەرجەستەکردنی رۆڵەکان و بەدیهێنانی خەونەکانی ئافرەت.

ئەژین ئاماژە بە چەند ناوێك دەکات کە بۆ ئەو زۆر گرنگن و لەو بارەیەوە دەڵێ:

تەلار هیرانی، مامۆستایەك بۆ تەختی شانۆ، فەرهاد پیربال، مامۆستا و قوتابخانەیەك بۆ تێگەیشتن لە کەسە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە، هیوا سوعاد، هێندە گەورەیە بە هیچ شتێك پێناسەی ناکرێت و تەنیا ئەوە دەڵێم: بۆ من بوو بە کێوێك!.

لە کۆتاییدا ئەژین باس لە وەرزش و کاتی دوورکەوتنەوەی لە کاری هونەری دەکات و دەڵێ:

وەرزش لە ژیانی مندا بەشێکی گرنگە، بەتایبەت لەشجوانی، کە روخسارێکی دیکەمان پێدەبەخشێ، کە جگە لە تەندروستبوونی مرۆڤ گرنگییەکی زۆریشی بۆ ئافرەتان هەیە، سەبارەت بە دوورکەوتنەوەم لە هونەر پێموایە هەرگیز ناتوانم لەو دنیا جوانە دابیڕێم، مەگەر مەرگ دوورم بخاتەوە، ئەگینا بڕیارم داوە تا دواهەناسە لە هونەرەکەم بەردەوام بم.

